# بۆ ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە!

*عبدالرحمن محمد*

لە یادی 18هەمین ساڵەی کیمیابارانی هەلەبجەدا بۆمان دەرکەوت کە فرمێسکەکان جیاوازییان هەیە، فرمێسکیک کە لە چاوی کەس وکاری قوربانیانی کارەساتی هەڵەبجەوە دێنەخوار کە بە راستی هەستێکی ئینسانی و مرۆڤایەتی لە ناخیاندا قوڵپ دەدات و بە فرمێسکەکانیان دنیایەک تورەیی بەرامبەر بە شەڕو کوشتارو جەنگ وماڵوێرانی دەردەبڕن. بەڵام بازرگانانی شەڕ کە سودمەندن و جەنگ دەبێتە مایەی خێرو خۆشی و کۆشک و تەلارو رەسیدی بانقەکانیان زیاد دەکات و پێشبڕکێی دەوڵەمەندترین دەوڵەمەندەکانی ناوچەکەو جیهان دەکەن نرخی هەردڵۆپە فرمێسکێکی تیمساحی کە لە چاویان دێتە خوارەوە بە ملیۆن دۆلار مەزەندە دەکرێت.لێرەدا پەیوەندی پۆزەتیڤانەی نێوان جەنگ و ژمارەی ملیۆنێرەکانی کوردستان (بە تایبەتی لە نێوان بەرپرساندا) ئەم راستییە دەسەلمێنێت. سێ ڕوداوی نائینسانی کە بەرامبەر بە خەڵکی کوردستان ئەنجامدراون بەدەستی رژێمی فاشیست و رەگەز پەرستی بەعسەوە، لە ئەنفال و کیمیاباران و ئاوارەیی کۆمەڵگای کوردی نوقمی تراجیدیایەکی رەشی نا ئینسانی وابوو دەتوانین بڵێین یەکێک بوو لە مەئساتە ئینسانیەکانی سەدەی بیستەم، بۆیە دەیان ڕێکخراوی مرۆڤدۆست بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی ئەم کارەساتانە ڕویان کردە کوردستان و کۆمەکێکی زۆری مادییان سەرفی هێنانی خۆراک و داودەرمان کرد. هەروەها دەستیاندایە دامەزراندنی چەندین بنکەی خزمەت گوزاری لە نەخۆشخانەو قوتابخانە، پرۆژەی جۆراوجۆر بۆ چاککردنەوەی ژێرخانی ئابوری کوردستان وە دەیان پرۆژەی تر کە سەرمایەکانیان بە ملیارەها دۆلار دەخەملێنرێت .

بەڵام بە هۆی گرێ بەستی(عقد)ئەم رێکخراوانە لە گەڵ ڕێکخراوە زەردو سەوزەکاندا، کارو چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە مرۆڤ دۆستانە کەوتە ژێر ڕکێفی حیزبە دەسەڵاتدارەکانی کوردستانەوەو ئەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە خەڵک بون و لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابون نەک هیچ ئیعتبارێکیان بۆ دانەنرابوو بەڵکو قەدەغە کرابوون. لەو ڕێکخراوانە یەکێتی بێکاران،کۆمەڵەی ئاوارەکان، ڕیکخراوەکانی ژنان و منداڵان و مامۆستایان و چەندەها ڕێکخراوی تر. ڕابەران و ئەندامانی ئەم ڕێکخراوانە تووشی گرتن و ترساندن وهەروەها

کوشتنیش دەبونەوە. کوشتنی بەکر علی نوێنەری خانوە بێ تاپۆکان بە دەستی چەکدارەکانی سالار عزیز، وە تیرۆرکردنی (شاپور عبدالقادر و قابیل عادل ڕابەری ئاوارەکان) لە ژێر دەسەڵاتی پارتی دیموکراتی کوردستاندا نموونەی ئەم تاوانانەن. ئەم کۆمەکانە کە بۆ یارمەتیدانی خیزانە ئەنفالکراوەکان و قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە و ئاوارەکان هاتبون، گەورەترین پرۆژەی پارە کۆکردنەوە بون بۆ سەرانی ئەم حزبانە. دەسەڵاتداریێتی ئەحزابی کوردی لەژێر سایەی چەکوشی ئامادەی ئەمریکادا، لێشاوی ئەم کۆمەکە گەورە نێودەوڵەتیانەیان خرایەبەردەست، کە تەنها قازانجیان وەردەگرت چاوەڕوانی زەرەر نەبون (هیچ یاسایەکی ئابوری درکی بەم شێوازە نەکردبو پێشتر کە پرۆژەیەکی ئاوەها هەبێت تەنها قازانج بکەیت!) .

ژیانی کولەمەرگی ژنانی مێرد ئەنفالکراو لە چەمچەماڵ و دەوروبەری کە بۆ دابین کردنی پارووی دەمی منداڵەکانیان کیسەی نایلۆنیان دەدوری و نەوتیان بە کۆڵ دەهێنا لە کەرکوکەوە بەرەو ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی پارتی و یەکێتی، کە لە سەربازگەکانی بەعس سەد سوکایەتیان پێ دەکرا ، کەچی خۆیان لە جیاتی سەیران و خۆشی دەبوایە داریان کۆبکردایەوە بۆ خۆ گەرم کردنەوەو چێشت لێنان،دەیان سووکایەتی کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی تر بالەو لاوە بوەستێت، بەراوردی نێوان ئەم ژیانەو ئەو کۆمەک و یارمەتیانە بکەن کە بۆ ئەم خێزانی ئەنفالکراوانە هاتبون، دووری دەسەڵاتی ئەم حیزبانەتان بۆ دەردەکەوێت لە خواستەکانی خەڵکی کوردستانەوە. ئەم ڕاستییە ئاشکرا و دیارە بۆ ئەو خێزانانەی کە ماوەی 15 ساڵە لە ژێر دارو بەردی ڕوخاوی بنکە سەربازی و بنکە داپڵۆسێنەرەکانی بەعسدا نیشتەجێ ببون و تا ئێستاش لە کەرکوکی دڵ و قودسدا لە چادرو یاریگاکان دا ژیان بە سەر دەبەن .

خەڵکی هەڵەبجە بۆ سەلماندنی ڕاستیەکان و ئیسپات کردنی نیازی دەسەڵاتداران لە باراندنی فرمێسکی درۆیینەیان و هەراو هوریایان لە دەزگا ڕاگەیاندنەکانیانەوە بۆ خۆهەڵخستن وەکو خەمخۆری خەڵکی کیمیاباران کراوی هەڵەبجە، هاتنە مەیدان و هیچ جیاوازییەکیان نەدی لە گەڵ دەسەڵاتدارانی پێشودا. بەڕاستی جێگەیٔ سەرسوڕمانە کە(فرانس ڤان ئانارات )ئەو بازرگانەی کە کیمیاویەکەی بە ڕژێمی فاشستی بەغدا فرۆشتبوو 15 ساڵ لە وڵاتی خۆی زیندانی دەکرێت ،بەڵام ئەوەی کیمیاویەکەی هەڵمژیوە تاوانبار دەکرێت و بە گوللە وەڵامی داواکاری و خۆپیشاندانی شارستانیانەی دەدرێتەوە.

کۆشک و تەلارو فیرعەونئاواکانتان و پارەی کەڵەکە کراوی بانقەکانتان بەرئەنجامی کیمیاباران و ئەنفال و ئاوارەییە ،ئەم ووشەیە (بازرگانانی شەڕ) لەپەرتووکێکدا ووشەیەکی مردووە بەڵام ئێوەی دەسەڵاتدار ڕۆحتان کردەوە بەبەریدا! بەڵام خەڵکی هەڵەبجە بە خۆپیشاندانیان لە یادی 18ساڵەی کارەساتەکەیاندا، ڕێگایان گرت لەوەی کە دەسەڵاتدارانی کوردستان درێژەبدەن بە سازکردنی کەرنەڤاڵی درۆزنانە بۆ یادکردنەوەی تاوانی هەڵەبجە. تەقەکردنیش لە خەڵکی هەڵەبجە و کوشتنی دوو کەس و بریندارکردنی 11کەسی تر و گرتن و ڕاونانی خۆپیشاندەران و ڕابەرانیان، تاوانێکی گەورەترە دەچێتە پاڵ هەموو ئەو تاوانانەی کە یەکێتی و پارتی دەرهەق بە خەڵکی کودستان کردویانە لەم 15ساڵەدا.

2006–3–20